www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-2-2006 11:23

# شێخ محەمەد شاکەلی: پێم وایە دادگایی کردنی سەدام وسەرانی رژێمی پێشوو لە سەر ئەنفال گونجاوترین هەلە بۆ ئەوەی ئەنفال بە دونیا بناسێنین

چاوپێکەوتنی مەجید ساڵح



هەژدە ساڵ پێش ئێستا رژێمی بەعس بە پلانێکی ورد دەستی کرد بە پەلاماریچکی دڕندانە بۆ ناوچە رزگار کراوەکان. بە داخەوە راگەیاندنی کوردی بەرامبەر بەم رووداوە مێژووییە هیچ هەڵوێستێکی نەبوو، وەك ئەوەی پێش هەژدە ساڵ ئەنفالەکان لە مەریخەوە دەستیان پێکردبێت بۆ تیشك خستنە سەر هەندێك وردەکاری ئەو هێرشە دڕندانە چاومان کەوت بە بەرێز شێخ محەمەد شاکەلی کە ئەو دەم پێشمەرگە وبەر پرس بووە لە ناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان:

* بەو پێیەی لە شاخدا هەم پێشمەرگەو هەم بەرپرس بوون، بە رای ئێوە ئەو هۆکارانە چی بوون کە وای لە رژێمی بەعس کردلە 1988/2/23دا پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد دەست پێبکات؟

- راستە ئەنفال لەو مێژوودا بە رەسمی دەستی پێ کرد کە ئێوە ئیشارەتان پێداوە، بەڵام لە حەقیقەتدا رژێم لە مانگی نیسانی ساڵی 1987دا لە رێگەی روخاندنی گوند وشارۆچکەکانی سەرجادەکان دەستی کردبوو بە ئەنفالکردنی کوردستان. رژێم ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی هێشتەوە بۆ دەرفەتێکی گونجاوتر. بە تەسەوری من کاتە گونجاوەکەش مانگی شوباتی 1988بوو، چونکە لەو کاتەدا شەڕی عیراق ئێران بەرەو کۆتایی دەچوو. عیراق لە رووی سەربازییەوە بە تەواوەتی باڵا دەست بوو. زۆر ناوچەی ئێرانی داگیرکردبوو، چەندین هێرشی ئێرانیەکانیشی تێك شکاندبوو. کورد هێشتا نەیتوانیبو خۆی رێك خات و بەرەی کوردستانی پێك نەهێنرابوو، وەزعی نێونەتەوەیی عیراق زۆر باش بوو، تەنیا کێشەیەك کە مابووەوە لە بەردەمیدا کێشەی کورد بوو، هەر بۆیە ئەو تەوقیتەی هەڵبژارد بۆ پەلامارادنی کوردستان.

* هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کەوا پێش ئەنفالەکان رژێم ویستویەتی لە گەڵ شۆڕشدا وتوێژ بکات، زانیارییەکانی ئێوە لەوبارەوە چییە؟

- لە مانگی ئابی 1987وە تا کۆتایی ئەنفالی سی لە گەرمیان بووم. لە بیرمە لە 2/12بوو یان لە1988/2/13 بە بروسکە ئاگادارکرامەوە کەوا یەکێك لەلایەن دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیەوە هاتوە ونامەیەکی پێیە. کە نامەکەم بینی بۆ مەرحومی کاك رەسوڵ مامەند نووسرابوو. دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی نووسیبوی باسی لەوە دەکرد کەوا لەم رۆژانەدا سەدام حسێنی بینیوەو داوای لێکردوە بە سەرکردایەتی سیاسی کورد بڵێت با واز لە ئێران بهێنن وبگەڕێنەوە بۆ عیراق. بە بروسکە نامەکەم نارد بۆ کاك رەسوڵ ومەکتەبی سیاسی خۆمان.

ئەوانیش منیان تەکلیف کرد وەلامیان بدەمەوە وئامادەیی خۆمان دەربرین بۆ وتوویژ سەرەرای بۆچونمان لە سەر هەلوێست وکردەوەکانی رژێم لەو کاتە. لە نامەکەدا دکتۆر موکەرەم باسی لەوە کردبوو کە نامەی لەو شێوە چووە بۆ سەرکردایەتی پارتی ویەکێتی و شوعی. نازانم ئەوان نامەکەیان بینیوە یان نا، پێم وایە ئەوە فێلێکی تری رژێم بوو، چونکە من کە وەلامەکەم دانەوە ئەوان لە جیاتی وتوێژ هێرشەکانیان دەستپێکرد.

* وەکو وتتان رژێم دەمێك بوو خۆی بۆ پەلاماری ناوچە رزگارکراوەکان ئامادەکردبوو، بەلام لە بەرامبەر ئەم خۆ ئامادەکردنەدا دەبینی بەلای کوردەوە بێباکیەك هەیە وئامادەباشی ناکرێت، ئەوەش وایکردوە زیانەکانی کوردلە هەمووروویەکەوە زیاتربن، ئێوە ئەو بی باکیەی کورد بۆچی دەگەرێننەوە؟

- پرسیارێکی جوانە.. ئێستا نزیکەی بیست ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەر دەبێت، پێم وایە هەموو حزبەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا لە ئاست رووداوەکەدا نەبوون. دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین. نە لە رووی سیاسییەوە نە لە رووی سەربازییەوە نە لە رووی دیپلۆماسییەوە خۆمان بۆ رووداوێکی لەو چەشنە ئامادە نەکردبوو. گرنگی رووداوەکەمان نەدەزانی. تۆ تەسەورکە تەنانەت کامیرایەکمان نەبوو بۆ تۆمارکردنی ئەو کارەساتە گەورەیە. لە راستیدا پێش سی مانگ لە دەستپێکردنی ئەنفالەکان ئێمە بە تەواوەتی ئابلۆقە درابووین. لە بیرەوەریەکانی خۆمدا نووسیومە، ئەم کپی وئارامییەی کە هەیە نیشانەیە بۆ ئەوەی شتێك روودەدات. بەلام راستت دەوێت کاردانەوەی ئێمە لە بەرامبەر ئەنفالەکاندا لە ئاستی پێویستدا نەبوو.

* لە پاڵ نەبوونی پلانی سەربازی بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەنفال، هەست دەکرێت شۆرش هیچ پلانێکیشی بۆکاری دیپلۆماسی نەبووە بۆ کەم کردنەوەی زیانەکان. ئێوە نەبوونی جولانەوەی دیپلۆماسی کورد لەو کاتەدا بۆچی دەگێرنەوە؟

- من پێم وایە گەر ئێمە بەبەرچاوی روونەوە مامەڵەمان لە گەڵ ئەنفالدا بکردایە، کارەساتەکە هێندە گەورە نەدەبوو. دەبوو لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە پێش هێرشەکانی ئەنفال بریارێك دەربکرایە بۆچۆڵ کردنی ناوچە رزگارکراوەکان. بەمە بیانوو بۆ رژێم نەدەما تاکو پەلاماری بدایە، یان زیانەکان لەو رادەیە کەمتر دەبوون. بۆ کاری دیپلۆماسی ناکرێت لە چاوی ئەمرۆوە تەماشای بکەین. ئەوکاتە هەموووڵاتانی جیهان پشتیوانییان لە سەدام دەکرد. ئەو دۆستەشمان کە هەبوو، دوژمن لەو باشتر بوو. دەبینی بچوکترین رێنمایی نەدەکردین. لەوەش زیاتر بەرەی کوردستانی پێك نەهاتبوو، هێشتا لە گفتوگۆدا بووین بۆ دروست کردنی، هێزە سیاسیەکان لە هەموو روویەکەوە لێك دابرابوون. لە هەلومەرجێکی وادا کاری دیپلۆماسی سەختە ئەوە سەرەرای ئەوەی رۆژئاوا هێشتا پشتیوانی لە سەدام دەکرد.

* بەلام ئەنفالەکان حەوت مانگی خایاند، بۆ کورد نەیتوانی تەنانەت لەو حاڵەتەشدا بە هێزێکی هاوبەش رووبەرووی رژێم بێتەوە؟

- رووبەروووبوونەوە هەبوو مقاومەتی هاوبەشیش هەبوو. بەلام هێزەکانی کوردو رژێم بەراورد نەدەکران لە گەڵ یەکتردا. رژێم لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەهێنا لە زەوی وئاسمانەوە، بە هەموو چەکێك تەنانەت چەکی کیمیاویش. پێم وایە ئەوەی کرا کەم نەبوو، بەلام درندەی رژێمیش لە وەسفکردن نایەت. لە هەمانکاتدا بیکەسی ئێمەش لەوکاتەدا لە باسکردن نایەت.

* ئەمرۆ 18 ساڵ بەسەر ئەنفالدا تێپەڕ دەبێت، ئایا پێتان وایە ئێستا ئێمە لە ئاست ئەو كارەساتەداین؟

- بی سیو دوو دەڵێم نەخێر. لە راستیدا جگە لە هەندێك یادكردنەوە ساڵانە نەبێت ئەگینا ئێمە نەمانتوانیوە ئەنفال بكەین بە رووداوێك هەر هیچ نەبێت نەوەكانی ئایندە پێی بزانن. وای دەبینم هیچ دامەزراوێكی كولتووری ئێمە نەیتوانیوە ئەنفال وەك خۆی بخاتە روو. هۆلۆكوست دەبینی بوەتە كارەساتێكی جیهانی، كەچی ئەنفالی ئێمە لە وڵاتەكەی خۆمانیشدا نەناسراوە.

* واچاوەڕوان دەكرێت دوای كێشەی دوجەیل، سەرانی رژێم لە سەر دۆسێی ئەنفال دادگایی بكرێن. ئێوە پێتان وایە كورد دۆسێی ئەنفالی بە گوێرەی گەورەی كێشەكە ئامادەكردبێت بۆ بەردەم دادگا؟

- من پێم وایە ئەم دادگایی كردنەی سەدام وسەرانی تری رژێمی پێشوو لە سەر ئەنفال، گونجاوترین هەلە بۆ ئەوەی ئەنفال بە دونیا بناسێنین. بەڵام وادیارە وەك پێویست خۆمان ئامادە نەكردبێت بۆ ئەو دادگایی كردنە. من پێشنیاردەكەم هەموو ناوەندە اعلامی و روناكبیری وسیاسی و قەزاییەكانی كوردستان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ ناساندنی ئەنفال بە خۆمان وجیهانی عەرەبی وئیسلامی و جیهان.

* دوا وتەتان لەم دیدارەدا چییە؟

- داوام وایە حكومەتی هاوبەشی كوردستان لە رێگەی دەزگاكانی خۆیانەوە، بە تایبەت لە رێگەی دەزگای پەروەردەوە ئەنفال بكات بە وانەیەكی سەرەكی و لە سەرەتاییەوە تا زانكۆ بخوێنرێت.. ئەنفال بەشێكی گرنگی مێژووی نەتەوەكەمانە، زۆر پێویستە مێژووی خۆمان لە بیر نەكەین.. چونكە گەلی بی مێژوو ئایندەی نییە.